## ژیان زەندی، چالاكوانی بواری تەلەفزیۆن لە دیمانەیەكی كوێستاندا

# باوكم پێم دەڵێت تۆ بە سویدی بیر دەكەیتەوە، بەكوردی قسە دەكەیت

سوید



نیوەڕۆییێكی ساردبوو پلەی گەرمی لەژێر سفر بوو، لە ناوەڕاستی ستۆكهۆڵی پایتەختی سوید لە چاوەڕوانی ئەو خاتوونەدا بووم تا ئەو دیمانەیەی لە گەڵدا سازبدەم، كە پێشتر بەڵینی پێدابووم، ئەو لە كاتی دیاریكراودا گەیشت، لە شەقامی (شاژن)دا بۆ كافتریاییێك گەڕاین، لە لێواری شەقامەكە شوێنێكی بچووكمان دۆزیەوە، بۆنوبەرامەی خواردنی نیوەڕۆیان، كە بە جاترەو ڕێحانە و دۆراغ رازاوە بوو ژوورەكەی پڕكردبوو، لە كونجێكی كافتریاكە دانیشتین، پێیوتم:"من بە دوای ناسنامەی خۆمدا وێڵم، لە نێوان دوو رەگەزنامەدا وتم، تا ئێستا ئەو وەڵامەم لە ناخی خۆمم وەرنەگرتووە من كامەیانم ؟" بەدەم قاوە خواردنەوە "من لە لێواری شارێكی جوانی سەر دەریای (بەڵتیق) گەورە بوومە، لە گەرمەسێر لە بەغدا چاوم هەڵهێناوە، كە هاتمە ئێرە منداڵ بووم، بەلاّم گۆرانی و مۆسیقای كوردی هاوڕام بوون، ئێستا لە ناو كەلتوورێكدا دەژیم جوانیم پێدەبەخشێ و ئازادی بالاّو خۆناسینم فێردەكات، ستۆكهۆڵم جگە لەجوانیەكەی بە ناسنامەكەم ئاشنای كردم، بەواتایەكیتر ئێرە پڕبوو لەو حەزانەی

*کە من بەدوایاندا دەگەڕام، کە ئەویش بەشە جوانەکەی کەلتووری کوردیە”*

*زەند کچە ڕەشتاڵە دەم بەخەندەکەی کەناڵی (١)ی تەلەفزیۆنی سوید، کە ئێواران بە خۆشیەوە لە لایەن منداڵان، پێشوازی لێدەکرا و منداڵانی بە قسە دەهێنا، ئێستا ماڵئاوایی لەوان کردووەو لەبەشی ڕیپۆرتاژی هەواڵەکان کاردەکات. ژیان حەبیب زەندی ناسراو بە (زەند) تەمەنی سی ساڵەو پەیمانگای ڕۆژنامەگەری (یۆنسکیلێ) تەواو کردووە، هەروەها بیست خاڵی لە سیاسەت لە زانکۆی ستۆکهۆڵم خوێندووە، زمانەکانی کوردی، سویدی، ئینگلیزی و عەرەبی دەزانێ. کوێستان یەکەم ڕاگەیاندنی کوردیە کە بەزمانی کوردی دیمانە لەگەڵ ئەم چالاکوانەی بواری ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی سازبدات.*

**ژیان خان بەرنامەی منداڵانت زیاتر بەدڵبوو، یا هی ئێستا؟**

بەرنامەی منداڵ و گەنجانم پێ خۆشتربوو، زۆرجار لە ئاهەنگە کوردیەکاندا منداڵان کە منیان دەدیت، پێیان دەووتم ئێمەش پێمان خۆشە وەک تۆ پێشکەشکاری بەرنامە بین، ئێستا لەگەڵ هاوتەمەنانی خۆمم، بەڵام تا ئێستاش هەر وێنەیێکی باشم بۆ منداڵان، بۆ نموونە جارێك کچێکی کورد پێیووتم: حەز دەکەم وەك تۆ بم، بەڵام زمان نازانم، پێمووت:ئێستا کەناڵەکان پێویستیان بە خەڵکی وەك تۆشە، چونکە تۆ زمانی تریش دەزانی و دەتوانی بەسەر زمانی سویدیشدا زاڵ ببیت.

**هەست بەچی دەکەیت کە تۆ لەناوسویدیەکان بە تەنهای؟**

بە شێوەیەك لە شێوەکان من خاوەنی دوو ناسنامەم کوردی وسویدی، بەڵام لە کاتی کارکردن هەستدەکەم تەواو سویدیم، کاتێکیش لەگەڵ هاورێکانم باس لە کورد دەکەین بەتەواوی دەبم بە کورد.

**ئەوان هەڵسوکەوتیان چۆنە کە دەزانن تۆ لە ڕەگەزی ئەوان نیت؟**

برادەرەکانم لە کاتی قسەکردن هەستدەکەن کە من تەواو سویدیم، چونکە هیچ لەنگییێك لە زمانمدا نیە، کە جیامانبکاتەوە، کەباس لە کەلتوور دەکەین، دەڵێن ئەوە کەلتووری ئێمەو ئەوە هی ئێوەیە، بەتایبەتیش کە باس لە خواردنی کوردی دەکەین.

**حەزیان لە خواردنی کوردیە؟**

بەڵێ زۆر ئارەزووی خواردنی کوردی و مۆسیقای کوردیانە دەکەم.

**گوێ لە مۆسیقای کوردی دەگری؟**

کاتێ لە ساڵی(١٩٨٤) لە بەغدا دەرچووم و بۆ سوید هاتم، مۆسیقای کوردی و بەتایبەتیش کاسێتەکانی عەلی مەردان، ناسر ڕەزازی، حوسێن عەلی هەمیشە لەتەکم بوون، ئەو کاتە لە شارێکی بچووك دەژیاین، نە کوردیان دەناسی نە بە کەلتووری کوردی ئاشنا بوون، ئێستا لە ستۆکهۆڵم مۆسیقای کوردی بوونی هەیە، خۆم حەزم لە دەنگی(سەرهادۆ)یە کە گۆرانی هیبپ هۆپ"hiphop"دەڵێت، ئەو بەشێوەیەکی نوێ گۆرانی بۆ منداڵانی کورد دەڵێ.

**بەرامبەر ئەو دیمانەیەی کاتی خۆی لە گەڵ ستراتبێژ (دارین) ئەنجامتدا چ هەستێکت هەبوو، کە بە زمانی بێگانە گۆرانی دەڵێت؟**

لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا، کورێکی سویدی لە خوێندگا لێیپرسیم خەڵکی کوێی، لە سەر نەخشە پیشانم بدە؟ئەوکات هیچ نەخشەییێکی کوردستانم لەبەردەستنەبوو! کاتێ (دارین)م دیت و دواندم هەستم کرد دوو کورد لە کەناڵێکی بەناوبانگی سویدی بە زمانی کوردی باس لە گۆرانی دەکەن، ئەو کاتە بەرنامەکەمان نزیکەی نیو ملیۆن بینەری هەبوو، لەو تەمەنە بۆ من شانازییێکی گەورە بوو، لەو باوەڕە نەبووم ئەوە بە چاوی خۆم ببینم، من و دارین لەو بەرنامەیە بووینە نموونەییێکی جوانی کەلتوورەکەمان.

**ئەو جیاوازیە چیە لە نێوان تۆو هاورێ کوردەکانت کە بە گەورەیی بۆ سوید هاتوون؟**

من هەست بە حەسوودی دەکەم، چونکە



**لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا کورێکی سویدی لە خوێندگا لێیپرسیم خەڵکی کوێی، لە سەر نەخشە پیشانم بدە؟ ئەوکات هیچ نەخشەییێکی کوردستانم لەبەردەستدا نەبوو**



ئەوان خاوەنی کەلتووری خۆیانن، لە کوردستان لەگەڵیان هاتووە، بیرەوەریەکانیان بە کوردستان دەبەستێتەوە، کەچی من لەوە دابڕاوم.

**ئەو حاڵەتە چ کێشەیێکی بۆ دروستکردووی؟**

بەڵێ، ئەمە کێشەیە، هەستدەکەم ئەگەر نەوەد ساڵ بژیم، لە دوای مردن لاشەم بۆ خاکی سوید دەڕوات، هی هاوڕێکانیشم بۆ کوردستان، ئەگەر لاشەکەشم ببەنەوە، هیچ بیرەوەرییێکم لەگەڵ ئەو خاکە نیە.

**دوای مردن؟**

بەڵێ، دوای مردن، کە بچووك بووم حەزمدەکرد زوو ببم بە خاوەنی بڕوانامەو کاری باشم دەستکەوێت، ئێستا لە گەڵ تەمەن وایدەبینم زیاتر بۆ کوردستان دەگەڕێمەوە، ئەو نیشتیمانەی کەهیچ بیرەوەرییێکم لە تەکیا نیە، بۆیە ئێستا دەمەوێ خزمەتی گەنجانی کورد بکەم.

**سەردانی دیسکۆ دەکەیت؟**

لە تەمەنی شازدەساڵیدا باوك و دایکم ڕێگایان لێنەگرتووم، ئەوان منیان دەگەیاند، دواتریش بەدوامدا دەهاتن، ئەوان هەموو ئازادییێکیان پێمدابوو، بەڵام کێشەییێکیان هەبوو نەیاندەزانی چۆن لەگەڵ کەلتووری سویدی کاربکەن، ئێستا زیاتر ئازادم، بەداخەوە هەندێ کەس لە کوردستان بە هەڵە لە ناوەڕۆکی دیسکۆ و شوێنەکە دەگەن، ئەو شوێنە تەنها بۆ خەڵکی خراپ نیە، بەڵکو وەك شوێنی ئاهەنگەکانی خۆمانە، بەڵام بە کەلتووری سویدی.

**بۆ ئاهەنگە کوردیەکان دەچیت؟**

زۆرنا، زیاتر حەز لە کۆنسێرت دەکەم، وەك کۆنسێرتەکانی "جوان حاجۆ"و "نەجمەدینی غولامی"

**ئەی کۆنسێرتی سویدی؟**

کۆنسێرتی سویدی ئەبێ لە شوێنی خۆت دابنیشی و گوێی لێبگری، هی کوردی ئەبێ لەگەڵی هەڵپەری، بۆیە کۆنسێرتی کوردیم پێخۆشترە، گەرچی کۆنسێرت هی ئەوەیە گوێی لێبگری، بەڵام کورد قەت دانانیشێ!

**زۆرتر چ دەخوێنیەوە؟**

بەداخەوە بە زمانی کوردی خوێندنەوەوەم باش نیە، تەنها بابەتی منداڵان بەباشی دەخوێنمەوە، بەڵام ڕۆمانی

سویدی دەخوێنمەوە، بە تایبەتی هی نووسەرە ژنەکان لەوانە"شەشتین یکمان"، "مای گول ئەکسەسۆن" تامەزرۆی ئەو کتێبانەشم کە باس لە تیرۆرو تاوان دەکەن، کتێبی مێژوویش دەخوێنمەوە.

*"ژیان حەزی لە گەشت و گەرانە، چێژ لە کەلتوورە جیاجیاکان وەردەگرێ، تا ئێستا سەردانی زۆر وڵاتی کردووە، سەردانی کوردستانی باکووری کردووە، تا ئێستا بۆی نەگونجاوە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، کە باس لە سەردانەکەی بۆ ئیسرائیل دەکات، خۆشیەکانی دڵی دەخوێنیتەوە"*

**هەستت بەچیکرد کە سەردانی کوردستانی باکورت کرد؟**

کوردستان خاکەو بە رەگەکانی بەستراومەتەوە جا هەر پارچەیەك بێت بۆمن گرنگ نیە.

**چ جیاوازیەك دەکەیت لە نێوان کورو کچانی کورد کە لە سوێد دەژین؟**

کچەکان زیاتر سەرکەوتوون، ئەو رۆژنامە نووسانەی دەیانناسم زۆربەیان کچن، ژنی کورد لە ناو کۆمەڵگای کوردی ئازاری زۆری چەشتوە، بۆیە پێم وایە کچە کوردەکان دەیانەوێ ئازادی تەواو بۆ خۆیان دابین بکەن بۆیە زیاتر هەوڵ دەدەن.

**کورە کوردەکان دەچن زیاتر لە کوردستان ژن دەێنن؟**

من لەو باوەڕەدام کچی کورد لێرە بەهێزە، خاوەن کارە، ماڵی خۆی هەیە، دەزانێ چی دەوێت، دایك و باوکی پشتیوانی لێ دەکەن، لەوانەیە کورەکان بە تەواوی لە هەموو رووێك پێ نەگەیشتنبن، ئێمە پێشیان کەوتوینەتەوە، بۆ نموونە ئەگەر من باوەش بە کورێکی کورد یان بێگانەدا بکەم لێرە ئاساییە، بەڵام بۆ کورێك کە من لە کوردستان بیهێنم ئەو دیاردەیە بۆی زەحمەتە، بۆیە کچی کورد ناوێرێ کور لە کوردستان بێنێ، لەوانەشە من ئازادیەکان لە دەست بدەم.

**مۆسیقای کوردی‌و سویدی کامەیان هەڵدەبژێری؟**

هەردوکیان، چونکە ئەوە پەیوەندی بە میزاجی منەوە هەیە، نابێ ئەوەشم لە بیر بچێت من خاوەنی دوو ناسنامەم، ببورە با باس لە شتێکی تر بکەم، من هەست دەکەم کورە کوردەکان زیاتر لەگەڵ کولتوری عەرەب‌و هاوسێکانی کوردستان تێکەڵاون‌و گوێی لێدەگرن، پێم خۆشە زیاتر خۆیان بە کولتورو سیستەمی سوید رابێنن، چونکە ئەو کولتورو سیستەمە بۆهەمومان باشە، زیاتر بۆ پێشەوەمان دەبات، من تەواو لەو باوەڕەدام کولتووری عەرەبی و هاوسێکانی هیچمان فێرناکات، بێجگە لە ئاین‌و ژێر دەستە بوونمان.

**چۆن هیچمان فێر ناکات؟**

ئەم کولتوورە چی پێبەخشیوین بێجگە لە چارشێوەو باڵا پۆشی‌و (حجاب)، پێویستە لە کوردستان لەچك‌و باڵا پۆشی بە تەواوی تا تەمەنی هەژدە ساڵی قەدەغە بکرێت، چونکە ئەمە کولتوری پاشکەوتنە، گەرانەوەیە بۆ سەدەکانی رابردوو، گەرانەوە بۆ ملکەچی، بە تایبەت بۆ کچان‌و ژنان. ئەم کولتورە سەقەتە هەرگیز کوردستانێکی ئازادو بەرهەم هێنمان نادات، بەڵام سیستەمی پێشکەوتنخوازانە کوردستانێکی مەدەنیمان پێشکەش دەکات.

**چ کێشەیەکت بۆ دروست نەبووە کە بەکوردی قسە دەکەیت؟**

باوکم پێم دەڵێت تۆ بە سویدی بیر دەکەیتەوە، بە کوردی قسە دەکەیت، گەلێك جاریش قسەیەك دەکەم هیچ مەبەستێکی خراپم نیە، بەڵام بەرامبەرەکەم بە هەڵە لێم تێدەگات.

**ئێمە هیچمان نەماوە ؟ ئەی تۆ؟**

سوپاستان دەکەم، بەڵام پێش ماڵئاوایی لەو چاوپێکەوتنەمدا پرسیارەکانی دواوەم زۆر بەدڵە، خۆزیا زیاتر قسەمان لە سەر دەکرد.



**کۆنسێرتی سویدی ئەبێ لە شوێنی خۆت دابنیشی و گوێی لێبگری، هی کوردی ئەبێ لەگەڵی هەڵپەری، بۆیە کۆنسێرتی کوردیم پێخۆشترە، گەرچی کۆنسێرت هی ئەوەیە گوێی لێبگری، بەڵام کورد قەت دانانیشێ!**